# گەڕانەوە بۆ شاری کاژێری لم

کاوە عوسمان عومەر
(نەرویج)

(١)

تۆ بە ئەفسوونی فڕینی
ئەورەسە کۆچەرییەکان
ڕۆژە زیوییەکان بەسەر ئەبەی
ئێستا ساتەوەختی
دەرچوونی ڕوحە لە زیندانی کاژێرەکان
دەربازبوونە لە
دیوارە پۆلاییینەکانی وشەی بێگیان
هەڵهاتنە لە
سنوورە تەلبەندکراوەکانی
سەردەریا و دەربازبوونە لە
دارستانە وشک کراوەکانی
ناو قەفەزە ئاڵتوونییەکان
گەر نەگەیشتینە دەریا
ئارام بە
ڕشتەی خوێنتم بۆ شەوێکی سپی

(٢)

زەردەی ئەو مانگە قەترانییەی،
تەنزی بە تێرامانی تۆی گەڕۆک
لە نێوان بوون و نەبوونا هات

(٣)

پەیمان بێ
وەک ڕووناکی چرای سەر جەستەی
دەروێشە بێگیانەکانی
سەر کانی ڕەهابوون،
منیش بۆت بپریشکێم
پەیمان بێ
وەک گوڵی سووتماکی مەرگ
هەمیشە لەبەردەم دەرگای
دۆزەخی بەستەڵەکتا
تەنیا بم

(٤)

جیهانێک



لە لەپی دەستی خواوەندێکی،
ئەفسووناوی ڕژا،
تەمتومانی وەرزێکی بێ فەرپیش
ئەوانی وەک ڕەوە تارمایی
بێ ڕوخسار و دڵ
هێنایە ئێرە

(٥)

شەوی کۆچت لە تابووتی ڕێگاکانا هەڵگرت و
بەتەنیایی ڕێت کردە
شارێک لە کاژێری لم،
ئەوان مەستی ئاوازی شمشاڵی
زیندووبوونەوەی بووکەڵە نامۆکان بوون
بێ ئاگابوون بە گۆڕە بەردینەکان،
لە بێ پەناگەیی
جگەرەیەکت لە نێو شانۆی بووکەڵە
دڵ هەڵکۆڵراوەکان داگیرساند
دەموچاوی بێ ڕوخساریشت
نوقمی دووکەڵی بێهوودەییە
لە نەگەیشتنی
وەرزێکی دڕندەی بوهیمی تر

(٦)

تا سپێدەی دڵپڕژانێکی تر
بە سیمفۆنیای
پەرتبوونێکی ترت ئەسپێرم

(٧)

برینی جەستەی هەورێکی جەنگەڵی
کە چاوەڕێی تیماری
پەنجەی نەرمی فریشتە سرکەکانی شیعرێکە
پێش لە خاچدانی ڕوح
لەبەردەم ئۆقیانووسی دابڕانت
لە ڕەگی داری زەڕی بوون

(٨)

هاتنت بێ وشە،
واڵاکردنی کتێبێکی کراوەیە
لە .. پرسیاری بێ وەڵام
ڕۆشتنیشت بێ وشە
کەمۆڵەی ڕژاوی لمی چاوەڕوانی

(٩)

هەر کاتێک ئەستێرەیەک
لە لەپی دەستدا ژاکا،
بزانە لە دارستانی سپی ژوانتم

(١٠)

خۆرێک زیوی
لە بەردەمتا وەستا
تۆش سەمەرەی گڕکانی
پەیکەری جەهەننەمی ئەوی
باکت نییە،
هەناوت نوورانی کا
پڕ بە ئاگری پەمەیی ئەبەدی.